سەرۆك وەزیران ئامادەیی حكومەت بۆ پەرەپێدانی هاوكاری لەگەڵ دامەزراوەی نێودەوڵەتی دووپاتدەكاتەوە



ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆكی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئامادەیی حكومەتی دووپاتكردەوە بۆ پەرەپێدانی هاوكاری لەگەڵ دامەزراوەی نێودەوڵەتی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەكدا ڕایگەیاند: سەرۆكی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی لە داڤۆس لەگەڵ شاندكی كەمپانیای دارایی نێودەوڵەتی/IFC، بۆ سەركایەتی موختار دیەب جێگری سەرۆكی جێبەجێكار كۆبووەوە.

ئاماژەی بۆشكرد: كۆبوونەوەكە شایەتی پێداچوونەوە بوو بۆ ئاستی هاریكاری نێوان عێراق و دامەزراوە نێودەوڵەتییەكە، كە ئێندامی گروپی بانكی نێودەوڵەتییە، لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی چوونی حكومەتی عێراق لەگەڵ چاكسازییە ئابوورییەكان و جێبەجێكردنی پرۆژە ستراتیژییە گەورەكانی وەبەرهێنان.

بگوزەری بەیاننامەكە، سودانی ئامادەیی حكومەتی دووپاتركردەوە بۆ پەرەپێدانی بازنەی هاریكاری و هاوبەشی لەگەڵ ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییە، بەتایبەتی دوای واژۆكردنی گرێبەستێك لە نێوان دەسەڵاتی فڕۆكەوانی مەدەنی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەكە بۆ ئامادەكردنی دەسپێكی وەبەرهێنان سەبارەت بە پڕۆژەی پەرەپێدانی فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا بە ئەوەی هاوتای فڕۆكەخانە

نەودەوڵەتییەکان بێت و لەگەڵ ستاندارد نەودەوڵەتییەکان بگونجێت بە شێوەیەکی گشتگیر.

لە کۆتایی بەیاننامەکەدا هاتووە، کە شاندی کەمپانیای دارایی نەودەوڵەتی خواستی خێی دەربڕی بە فراوانکردنی کارەکانی لە عێراق وەك ناوچەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ وەبەرهێنان، هەروەها بەشداریکردن لە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدانی ستراتیژی و ئێو پڕۆژە گەورانەی پەیوەستن پێیەوە.